سڵاو لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ سڵاو لە عەنکاوەی کۆڵنەدەرو خۆڕاگر

نووسینی / جەمیل عیسا

ڕەفتارفاشی بەعسی لە ماوەی حکومرانی خۆی دا لە عیراق تەنگی بە کۆمەلانی خەلکی عیراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی چنیبوو .

هیچ مالێک لەو وڵاتە نەبووکەوا زەرەروژیانی گیانی ومادی بەرنەکەوێت. وەهیچ کەسێک لەم ووڵاتە لەوزەبروزەنگەی بەعسی یەکان رزگاری نەدەبوو بۆیە ڕقوقینەی خەلکی ڕاپەڕیو ئەوەندە ئەستوور بوو بووە هۆی ئەوەی کەتۆلەی ئەو هەموو نەهامەتیانە لە بەعسی ودام و دەزگا داپلوسێنەرەکانی بکەنەوە و هێرش بکەنە سەریان و بەچاو چوقێنیک لەهەموو کوردستان شاربەدەریان بکەن و دام ودەزگاکانیش، ئەودەزگاسیخوری وسەربازگە وبەعسی و بنکە وبارەگای پۆلیس وئەمن لە باریەک هەلتەکێنن.

هەر لەورۆژەی کەشاری هەولێر هۆلاکۆبەزین لە ژێردەستی بەعسی یەچەپەلەکان زرگار بوو لە هەمان کاتیش وهەمان رۆژیش شارۆچکەی عەنکاوە لە میحوەریکی پێشمرگە ئازاودلێرەکانی بەرەی کوردستانی بە پشتیوانی خەلکی ڕأپەڕییوو تێکوشەرو خۆڕاگری عەنکاوە توانیان هێرش بکەنە سەر مۆلگەکانی بەعسی یەروخاوەکان وتوانیان دەست بەسەر هەموودام دەزگاو بارەگاکانی بەعسی و حکومەتی چەپەلەکەی دابگرن و عەنکاوەش ئازادبکرێت وسزای شۆرشگێرانە بەخائینان وخۆفرۆشان بگەێنن وهەلهەلەی سەرکەوتن لەو شارۆچکەیەش لەگەل شاری هەولێری خۆڕاگروبەرخودان بەیەکەوە لێ بدەن. وەبەچاوی خۆمان دەمانبینی کەواچۆن سەرشۆرانە وزەلیل وریسوا ئەوبەعسیانە دیقووچێنن وکونە ریویان لێ ببووەقەیسەری .

سوپاشکاوەکەی بەعس پۆل پۆل خۆی دەدابەدەستەوە و خەلکی بەشەرەفی کوردستانیش بەرێز لێنانەوە پێشوازیان لێ دەکردن.

دیارەخەلکی عەنکاوە وتێکۆشەرانی عەنکاوە وپیشمەرگەکانی لەهەموو حیزبەکان بەیەکەوە توانیان شارەکەی خۆیان رزگار وئازادبکەن. ئەوزولم وزۆزداریەی کەسی وپێنج ساڵ بەسەر ئەوشاروچکەیەیان داسەپاندبوو تێکۆشەرانی عەنکاوە بەماوەیەکی کورت وبروسکە ئاساتوانیان تۆلەلە رژێمی سەرکوتکەرو دام ودەزگاکانی داپلۆسین وبکووژەکان بکەنەوە .

رژێمی گۆربەگۆر لە ماوەی حوکمرانی خۆی دا لەم شارۆچکە یەچی خراپە کاریە کردوویەتی لەوانە:

١- قەتل وعام کردنی خێزان وبنەماڵەی شەهید سۆران کە خۆی لە (٩) نۆ کەس دەبینێت، شەهید سۆران، مام بولس باوکی شەهید ودایکی شەهید سۆران وەخێزانی شەهید سۆان وکۆرپەیەک مانگەکەی وچوار خوشکی شەهید سۆران .

٢- کە هەروەک ناسراوە شەهید سوران پێشمەرگەی قارەمانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان بوو.

٣- بەدەیان خەلکی تێکوشەری ناو شارۆچکەیەی لە سێدارە داوە وەبەتایەتی تێکوشەرەکانی حیزبی شیوعی لە وانە :

١- مونیر یەعقوب عەسکەر ٢- دکتور حەبیب مالح وچەندین تێکوشەری تر (داوای لێبوردن لە کەس وکارەکانیان دەکەم) کە ناوم نەزانیون و ناوم نەهێناون.

٤- بەدەیەهاکەس گەنج ولاو لەشەری قادسیە دۆراودا کردە سووتەمەنی ئەوشەڕەگلاوە لەگەل ئێران بوونە قوربانی (شەرێکی هەشت ساڵە و شەری داگیرکردنی کوێت) .

٥- ئەم رژێمە جگە لەوەی کەعەنکاوەی کردبووە پێگەی خۆی بۆ ئەوەی لە رووی نەتەوەیی شەوە بەعەرب ناونووسیان بکات وبیانکات بەهۆکارێک بۆ دروست کردنی ململانی و دووبەرەکی نەتەوەیی و ئایینی وتۆلە سەرندنەوە لەناوچەکە (سیاسەتی بەعەرەب کردن) .

٦- بەخشینی مولک وزەوی عەنکاوە وداگیرکردنی بۆ سەربازگە وفرۆکەخانە و دابەش کردنی زەوی نیشتەجێ بەسەر ئەوعەرەبانەی کەسەرباز بوون لە عەنکاوە زەویان پێ بدرێت.

٧- سەرەرای ئەوەی کە کۆت وکەمەندی عەنکاوەی کردبوو بەجەیش شەعبی و ترس وتۆقاندن وچاوسوور کردنەوە ودەربەدەکردن ودەرپەڕانەی تێکوشەران هەر لەبەر ئەم هۆیانە بوو رق وقینەی تێکوشەرانی عەنکاوە وەک ئاگربەسەر بەعسی ودام و دەزگاکانی داباری ورەگ وریشە یان هەلتەکاند.

هەزاران سڵاو لە شەهیدانی ڕاپەرین. هەزاران سڵاو لە خەلکی بەشەرەف وخۆڕاگری عەنکاوەی نازدار و هەموو کوردستان.

پیرۆزبێت یادەکانی ئادار و ڕاپەڕین وجەژنی نەورۆز و یەکی نیسان (ئەکیتۆ)

بەبۆنەی یادەکانی ئادار و هەژدەمین ساڵیادی ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان ساڵی ١٩٩١ ز، هەروەها بەبۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆز و یەکی نیسان (ئەکیتو) ی سەری ساڵی نوێی بابلی ئاشوری پڕ بە دڵ پیرۆزبایی پێشکەش بە گەلی کوردستانی دڵسۆز و خۆڕاگر دەکەین، هیوادارین هەر لە خۆشی و سەرفرازیدا بژین، هەربەم بۆنەیەوە سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی ڕاپەرین دادەنوێنین کە گیانی خۆیان کردە قوربانی ئازادی و سەرفرازی گە لە کەیان .

دەستەی کارگێڕی
کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدان

بۆ نەورۆزی عەنکاوە

عەنکاوە...
کوانی زەوییە سەوزە کانت عەنکاوە..
حەسرت ئەکیشم بۆ رۆژانی پێشو عەنکاوە
عەنکاوە خۆشی بەهار لێم بوو بە ئاژاوە
قەد ناگەڕێتەوە وا نەورۆز هاتەوە
خەڵکینا شوێنێکی سەوزنییە بدۆزینەوە
کوانی بۆنە خۆشەکەی هێرو جۆو گەنمەوە
کوانی باعە باعی بەرخی نەرمونۆڵەوە
کوانێ دەنگی ئاسۆ وبولبول و سوسکەوە
عەنکاوە باوشە خۆشەکەت لێم بوو بەکونە مشکەوە
زەوییە سەوزەکانت بوو بەخانوو دوکانەوە
لەبەر ئەوە بارانی بەهار بوو بەخۆڵە میشەوە
جێگای سەوز نەماوە بچین بۆ نەورۆز عەنکاوە
هەتا هەتایە ئەبێ حەسرەت بکێشین بۆ بەهاری عەنکاوە

سەمیرە یوسف
مامۆستای قوتابخانەی حدیاب

چاکە سەری ساحێبی دەخوا

دەلال سلیوا عیسا

چاکە بکەین لەگەڵ چەند کەسانێک کە لە خودو سروشتیان ژەهراوین، ئازارت دەدەن و چاکەت بە خەراپە دەدەنەوە.

لە دارستانێکی چرووپڕ، کۆترە باریکە لەم چڵ بۆ ئەم چڵ، تانیشتە قەراغ ڕووباری، بەڵکو تێنویتی خۆی بشکێنێ، لە دووڕا دووپشکێکی ڕەشی قەتران، پیری پەک کەوتە چاوی بە کۆتر کەوت، زۆر خۆی لێ نزیک کردەوە و کللە قیتە ژەهراوی یەکەی دابەزاندو لولی دا ژێر سکی یەوی دووپشکەکە خۆی وانواند کە زۆر پەک کەوتە، هیلاکە کۆخاندی و داوای یارمەتی لە کۆتری کرد، کە لەم بەری ڕووبارەکە بپەڕێنتەوە بۆ ئەو بەری ڕووبار، دوای مشت ومڕێکی زۆر کۆتر ڕازی نەبوو بەڵام دووپشک وازی نەهێناو کەوتە پارانەوە بەڵام توانی دووپشک کۆتر رازی کا. کۆتر ڕازی بوو بەمەرجێ ئەگەر یارمەتیت بدەم وبتپەڕێمەوە بۆ ئەو وبەری ڕووبار، ئازارم نادەی؟ دووپشک یەک دوو جار کۆخی! منی پەک کەوتەی بێ هێزو تاقەت نەخێر هیچت لێ ناکەم. دەزوو بمخە سەر پشتەوە هێزە قورسیش نیم، دورپشک خۆی خستە سەرپشتی کۆترو، کۆتریش لە شرقەی بالێ داو فری تاگەیشتە ئەو بەری ڕووبارەکە و لەوێدا نیشتەوە، لە گەڵ نیشتنەوەی کۆتر کۆ ترکەوتە هاوارو پەلە قاژوو، دووپشکی بەدفەر جزیلکە ژەهراوی یەکەی لەملی کۆتری قایم کرد ژهرەکەی بەتاڵ کرد کۆتر هەر هەندە بۆ دوا نەفەسی پرسی بۆ چی؟! لە بەرچی؟! ئەمە لە جیانی...!؟ دوو پشکە کەش لەسەرەخۆ وەڵامی دایەوە و ووتی (ئاخر چی بکەم بەدەستە خۆم نی یە ئەمە سروشتمە) کۆتری بەستە زمان پاداشتی چاکەی بەم شێوەیە وەرگرت، لە شوێنی خۆی ڕەق بووەوە، دووپشکە ڕەشەش کللی خستە سەرشانی و ڕۆیی. دەبێ ئەم جارە ژەهرێکی خەست تر بۆ کێ بگرێتەوە؟! لێرەدا هەرچەندە

پەیڤێک لەسەر نەورۆز وپیرەمێرد

دیارە لێرە دا نامەوێ باسی مێژووی نەورۆز بکەین بەڵام دەمانەوێ باسی ئەو شاعیرە بلیمەتە بکەین کەئەم جەژنە نەتەوایەتییە زیندوو کردۆتەوە بێگومان پیرەمێرد یەکەم کەسە ئەم جەژنەی یادکردۆتەوە . یەکەم کەسیشە ئاگری نەورۆزی کردبێتەوە. بێگومان هەر لە کۆنەوە ئاگر وەکو بەشێکی هەرەگرنگە ڕاگەیاندن کارپێکراوە. بۆ نموونە لەسەر چیاو شاخەکانا ئاگر کراوەتەوە خەلکانیش هەر بەم بۆنەیەوە لە خۆشی وناخۆشی وهاتنی دوژمن ولەکاتی سەرکەوتندا ئاگادار کردۆتەوە. دوور نییە ئەم وشەی ئاگاداریە هەر لە چاوگی ئاگرەوە هاتبێت. پیرەمێرد فەیلەسوفی کورد هەموو ساڵی لەسەر گردی یارە ئەم ئاگرەی کردۆتەوە بۆ بەیانیە کەشی لە دامێنی گردی یارە لەسەر (کارێزی شەریف) ئاهەنگی گێراوە وشایی و هەڵپەرکێی کوردی تیا سازداوە. گۆرانبێژو دەنگخۆشانی وەک (ڕەسول عەبدوڵڵاو مەحمود محەمەد) دەنگیان تیا هەلبڕیوە. جۆش وخرۆشێکی دیکەیان داوە بەئاهەنگەکە لەو ئاهەنگانەدا لە گۆرانی وهەڵپەرکێ شانۆی کاوەی ئاسنگەر نمایش کراوە وپیرەمێرد وشاعیرانی سەر دەمی ئەو شعرەی پڕحەماسەت ونەتەوەییان خوێندوتەوە. تەنانەت وایلیهاتووە ساڵی ١٩٤٦ لەزۆربەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان ئاهەنگێکی نەورۆز گێڕدراوە پیرەمێردی نەمر هەموو ئەو ڕووداوانەی لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بەوردی نووسیوە . هەر لەو ڕۆژنامەیەشدا خەڵکی بۆ سەیران ئاگادار کردۆتەوە. جاوانەبێ ئەم کارەش بێ تەنگو چەڵەمە بوو بێ بەڵکو تووشی سەدەها سەرئێشە وکێشە بووە. بەڵام هەروازی لێنە هێناوە تاکۆتایی تەمەنی جەژن و ئاهەنگی سازداوە و جێگای ئاماژە پێبکردنەکە قوتابخانەی (زانستی کوردان) ڕۆلێکی کاریگەریان گێڕاوە. شعرە بەرزەکەش کە بۆتە بە وردی سەرزاری گەورە و بچوک و مەزنترین مارسلیزی کورد؟

ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

نووسینی: فەوزی سولاقا